سەماحەتی حەکیم لە بارەگای حەشدی شەعبی لە ئەنبار: حەشد کۆڵەکەی ئاسایشی عیراقە و قوربانییەکانی بنەمای سەقامگیری و ئەمنی عەراقی دانا

بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی سەردانی بارەگای حەشدی شەعبی لە پارێزگای ئەنبار کرد، لەوێ چاوی بە کۆمەڵێك لە سەرکردە و فەرماندەی لیواکان و کۆمەڵێك شەڕکەر کەوت و لەوێ شانازی خۆی بەم دیدارە دەربڕی و ستایشی قوربانییەکانی کرد لەپاراستنی ئەمنی ولاتدا.

سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە حەشدی شەعبی ڕۆڵێکی گرنگی لە پاراستنی عێراق و ئازادکردنی خاکەکەی هەبوو، ئاماژەی کرد کە ئەو خوێنە پاکەی تێکەڵ بوو لە نێوان رۆلەکانی خواروو و فوراتی ناوەڕاست و براکانیان لەپارێزگاکانی دیکە بەنەمای سەرەکی سەرکەوتن و ئەو سەقامگیری یە بوو کەئیستا عیراق پێیدا تێپەڕ دەبێت.

سەماحەتی گوتیشی ئەنبار سروشتێکی ئەمنی سەقامگیر و چالاکی شارستانی بەرچاو بەخۆوە دەبینێت کە بەرهەمی قوربانیدانی سەرجەم هێزە ئەمنییەکانە لە سەرووی هەموویانەوە حەشدی شەعبی و جەختی لەوە کردەوە کە ئەم هەوڵە گەورەیە لەوانەیە هەمیشە پێشبینی نەکرێت، بەڵام کاریگەر و گرنگە.

بەڕێز حەکیم جەختی لەسەر پێویستی بەردەوامی سەرکەوتنە ئەمنییەکان و پاراستنی دەستکەوتەکان کردەوە و داوای کرد کە ئاگادار بن لە کەوتنە نێو تاکڕەوییەوە و هەنگاوی نائاسایی و چالاکانە لەگەڵ پێداویستییەکانی هەر قۆناغێک بگونجێن...

سەماحەتی ئاماژەی بە گرنگی زانیاری هەواڵگری، تەکنەلۆژیای مۆدێرن و زیرەکی دەستکرد دا لە بەهێزکردنی تواناکانی ئاسایش، هەروەها داوای ناساندنی ئەم ئامرازانەی لە سیستەمی کاری ئاسایشی کرد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕکابەرییە گۆڕاوەکان..

بەڕێزیان جەختی لەوە کردەوە کە حەشدی شەعبی هەمیشە لەژێر چاودێریدان و ئەمەش پێویستی بە وریابوونەوە و ئاگاداری هەیە، هەروەها تەئکیدی لەوە کردەوە کە پاراستنی ناوبانگی حەشدی شەعبی بەرپرسیارێتییەکی کۆمەڵایەتییە و پێویستی بە مامەڵەی باش لەگەڵ هاوڵاتیان و گوێگرتن و چارەسەرکردنی کێشەکان و ڕوونکردنەوەی ڕێوشوێنەکان بە شێوەیەکی شەفاف هەیە...

سەماحەتی ستایشی ڕۆڵی حەشدی شەعبی کرد لە پتەوکردنی ئاسایش و سەقامگیریدا و گوتی "ئەو دۆخە سەقامگیرییەی ئەمڕۆ عێراق پێیدا تێدەپەڕێت لە زۆربەی وڵاتانی ناوچەکەدا نییە و دەرئەنجامی ئەو قوربانییە گەورەیەیە کە ئەندامانی حەشدی شەعبی و هێزە ئەمنییەکانی دیکە ئەنجامیان داوە.."

بەڕێزحەکیم ئاماژەی بەوەدا کە داعش ژیان و خەڵکی عێراقی کردووەتە ئامانج و جەختی لەوە کردەوە کە ئەم ڕکابەرییە پێویستی عێراقییەکان بە یەکتر دەردەخات ئەگینا حەشدی شەعبی لە وەڵامی فەتواکەی جیهادی ئەلکەفائی دەرنەدەکەوت کە ئیمام سەید سیستانی دەریکرد.

سەماحەتی ئاماژەی کرد بە خزمەتکردنی تیرۆر و بەعسی سەدامی بە یەکتری و نموونەی بە چەند سەرکردەیەکی تیرۆرست هێنایەوە کە بەشێك بوون لە ڕژێمی پێشوو و دووپاتی کردەوە کە ئەوان پلانیان ئەوە بوو دەوڵەت بڕوخێنن، بەلام فەتوای جیهاد و پێکهێنانی حەشدی شەعبی وایکرد پارێزراو بن لەڕووی ئەو پلانگیرییانە..

لەکۆتایی قسەکانیدا سەماحەتی حەکیم شانازی خۆی بە هەموو رۆڵەکانی حەشدی شەعبی دەربڕی و دووپاتی کردەوە کە عێراق هەمیشە پێویستی بە قوربانییەکانی و درەوشانەوە و قوربانییەکانیان هەیە لەهەموو وێستگەیەك بۆ بدیهێنانی ئەمن و ئاسایش لە ئەنبار و سەرجەم پارێزگاکاندا.